# ئەستێرە

فەرەیدوون ئەرشەدی

ئەسپەکان لە پێدەشتی شیعرا نەبێ
لە کوێ غار دەن؟
لەوە ناچێ ئەسپی هاتووە سەر پاشووی ناو مەیدان و بەر کۆشکەکان
دڵیان بە ئەسپ بوونی خۆیان خۆش بێت.
ئەسپ کەی ئەسپە گەر پەلکە گیای شەونم دیوی خەیاڵ نەخوات و
بە سەر ئەڵماسی وشەوە سمکۆڵ نەکات؟
ئەستێرە لەچاوی شیعرا خۆی نەبینێ
ناجریوێنێ.
لەوە ناچێ ئەستێرەی سەرشانی ژەنەڕاڵەکان ئەستێرە بن،
بڕێکیان بریسکانەوەی خوێنی شەهیدانن
هەندێکیشیان پارچە تۆپی مەیدانی شەڕ.
من ئەستێرەیەکم هەبوو
لە جێ فیشەکەکەی مایاکۆفسکی* دەچوو بە لاجانگیەوە
نازانم چۆن و لە کوێڕا لێم بزر بوو.
دەڵێن هەر کەس ئەستێرەی خۆی بزر بکا
جگە مردن، لە مانای هیچ شتێ ناگا.